The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# له پەراوێزی واژۆ کۆکردنەوەکەدا ـ 4 ـ

**کۆمەڵگای تەندروست ، مرۆڤی تەندروست بەرهەم دێنێ.**

یاریەکانی تۆپی پێی ئەوروپا بەردەوامە، ڕەنگی پرتەقاڵی دیارترین ڕەنگی ناو شارەکانی سویسرایە، تەنها هۆڵندیەکان نین کە خۆیان لە ڕەنگی پرتەقاڵی هەڵکێشاوە بەڵکو بۆ هاوپشتی و هاندانی تیمی هۆڵندا دەیان نەتەوە و وولاتیی جۆراوجۆری تریش هەمان ڕەنگیان پۆشیوە، ئەم هاوپشتیە لەگەڵ هۆڵندیەکان هەر لە خۆڕا نیە بەڵکو ئەنجامی ئەو مێژوە پڕ سەروەرییە کە تیمی هۆڵندا لە ڕابوردودا تۆماریان کردوە.

بەپێی میدیاکانی سویسرا تا ڕۆژی08/6/13 ژمارەی ئەو هۆڵندیانەی بۆ هاندانی تیمەکەیان هاتونەتە سویسراوە لە نێوانی 70 ـ 80 هەزار هاندەرن کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لە زیاد بوندان ، ئەگەر چی کەشوهەوا، بارانایە و ئەم وولاتەش تەڕوتوشە و سەرتاپای هۆتێلەکان پڕبوونەتەوە ، بەلاّم ئەمە هیچ کاریگەریەکی لەسەر هاتنی بەردوەوامی هاندەران نەکردوە و وەک پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە، زەوی دادەخەن و ئاسمان ئەدەن بەخۆیاندا و بەیانیان بەدەم سرودی نیشتمانی هۆڵنداوە، هەم هیوای ڕۆژێکی پڕ لەسەرکەوتن بەخۆیان دەبەخشن و هەم دڵی ئەو کەسانەش خۆشدەکەن کە هاوپشتیان دەکەن .

دەڵێت ئەوان بەشێکن لەنەتەوەی کورد، وەک خۆیان دەڵێن تەنها ئەو ووشەیە کوردستان بەسە لە ناوەڕۆکی فۆرمەکە بگەین، ئەگەر کەسێکیشیان ڕوونکردنەوەی بوێت، دەمودەست کەسێکی تریان باسی کورد و کوردستانیان بۆ دەکەن و نەک تەنها خۆی واژۆی هاوپشتیمان دەکات بەڵکو ڕوودەکاتە جلوبەرگ پرتەقاڵیەکانی تر و داوای هاوپشتیان لێدەکەن.

ئەی کوردەباشوریەکانی هاندەران ؟

لەنێوان ئەوانەی ئامادەن واژۆی پشتگیری بکەن، هەتا ئەو کوردانەی هەڵدەستن بە هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە موفارەقەو جیاوازیەکی گەورە هەیە. ژمارەی هەموو ئەوانەی واژۆ کۆدەکەنەوە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات، بەلاّم ئەوانەی بە بێ پرسکردن ئامادەن پشتگیری بکەن وواژۆ بکەن سەدان هەزار کەسن! هەر لە میانەی یاریەکانی ئەوروپادا تەنها جەماوەرو هاندەرانی تورکیا نەبێت هەموو خۆیان بە جەماوەرو هاندەرانی گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی دەزانن، بەلاّم کۆمەڵی کورد لە هەندەرانیش یان خامۆشە یان پارچە پارچەو دابڕاو لە یەکتری، ئەوەی خەمی بۆ هەڵنەگیرێت مەسەلە گشتیەکان و بوونی چەوسانەوەی هاوبەش و هاوچارەنوسیە لەگەڵ یەکتری! بەداخەوە کوردی باشور لە ئێستادا بەهەر هۆیەکەوە بێت و دەستی هەر کەس و لایەنێکی تێدا بێت پێشەنگ و سەرقافڵەچی ئەم سستی و نالەباری و ڕەوشە نەرێنیەی ڕەوەندی کوردن لەدەرەوەی کوردستانی داگیرکراو.

پاش ئەو هەموو غەدرەی مێژو لە نەتەوەی کوردی کرد و سەدان ساڵە هەتاکو ئێستا بوون و چارەنوسی کەوتە ژێر چەکمەی پۆستاڵی داگیرکەرانەوە، بەلاّم ئێستا تەنها شاخەکان پشتیوانمان نین و هیچ نەبێت وەک گەورەترین قوربانی مێژو ناومان کەوتوەتە ناوناوانەوە و لەلایەن

کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە کێشە ئاڵۆزەکەمان دەناسرێت. بەڵام مەخابن کورد کەمتر ئامادەیە لەم ناساندنەی، کەڵک وەرگرێت و هەوڵ بدات لە گەلێکی قوربانیەوە ببێتە گەلێکی خاوەن ماف و یەکسان وەک هەموو گەلانی جیهان.

زۆربەی هۆڵندیەکان خیمی ئەلی ( عەلی کیمیاوی ) دەناسن و وەک تاوانبارێکی نێونەتەوەی دەیدەنە قەڵەم و تاوانبارکردنی فرانس ڤان ئانراتیش بەسەرکەوتنێک بۆ گەلانی ژێردەستە بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەقەڵەم ئەدەن.

هۆڵندیەک بەشانازیەوە سەرماو باران و خەوی ناوپارک و شەقامەکان قبوڵ دەکەن لە پێناوی هاندانی تیمەکەیاندا .

بەڵام کوردەکانی باشور دەیان بەهانە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی ساڵی چەند کاتژمێرێک تەرخان نەکەن بۆ بەشداری یادی کارەساتەکانی نەتەوەی کورد .

ئەوان لەبەر ئەوەی  سوریا و تورکیا و ئێرانەوە ڕێگای سەرکانیانن، نایەوێت ناوی خۆیان پیس بکەن و بەشداری ڕێپێوانەکانی دژ بە تۆپباران و سوتانی کورد و کوردستان بەدژی داگیرکەران بکەن.




































www.chak.info chak.org@gmail.com chak.schweiz@hotmail.com